Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Linköping

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی لینشۆپینگی

# گوزارشێک لە بەڕێوەچونی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

بە بۆنەی سیویەکی جۆزەردان، ساڵیادی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی کۆمەڵە لە شاری لینشۆپینگ لە وڵاتی سوئید، ڕۆژی شەممە هەشتی پوشپەڕ، ڕێو ڕەسمێک بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە میوانان و ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی کۆمەڵە بە ڕێوە چوو.لە وڕێورەسمەدا نوێنەرانی پارت وحیزبە کوردییەکان لەووانە نوینەرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان وە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەشدار بوون و پەیامەکانی خویان پێشکەش کرد.

دوای ڕاگەیاندنی ریزی بەرنامە و پیرۆزبایی ئەم بۆنەیە و بەخێراتنی بەشداربووان، ڕێو ڕەسمەکە بە خوێندنەوەی سرودی بانگەواز و دەقیقەیەک بێدەنگی بە یادی گیان بەختکردوانی ڕێگای ئازادی و داد پەروەری، دەستی پێکرد.

هاوڕێ ئەبوبەکری مودەڕەسی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵە بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە وتارێکی پێشکەش کرد. لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە وەکرد کە کۆمەڵە هەروەک جاران گرینگی دەدا بە هەمو گۆڕەپانەکانی خەبات. لە وانە خەباتی جەماوەری، کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان، خۆێندکاران. وە بەشداری شێلگیری خەباتی نەتەوایەتی و دیمۆکڕاتیکە.

بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە لە سەر پاراستنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و چۆن و چ کات وەگەڕ خستنی ئەم هێزە، لە پێناو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگای کوردستان پێداگری کرد.

لە دووایيدا هاوڕێ عەلی ئاشناگەر هەڵبەستێکی بە یادی یەکەم پێشمەرگەی گیانبەختکردوی کۆمەڵە، هاوڕێی خۆشەویست سەعیدی موعینی (خانە) پێشکەش کرد. هونەرمەندی خۆشەویستی کوردستان کاک نەجمەدینی غولامی بە سرودێکی شۆڕشگێڕانە کۆڕەکەی ڕازاندەوە. هەروەها

هونەرمەنـــد کــاوەی تــەوریوەر چەنـــد گۆرانیـــەکی پێشکـــەش کـــرد. ڕێـــو ڕەســـمەکە تا چەند کاتژمێر بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و شادی درێژەی خایاند.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی لینشۆپینگ**

**٢٨-٠٦-٢٠٠٨**

















